ژمارەکان لەسادەترین شێوەیاندا بریتین لە ئاوەڵناو بۆ شتێك، کە کاریان وەسفکردنی چەندایەتی شتێکی ژمێردراوە، بۆ نموونە کاتێك ئێمە دەڵێین (سێ کورسی) یاخود ( چوار مەڕ) ئەوا راستەوخۆ وەسفی کورسی و مەڕمان کردووە لەڕووی چەندایەتیەوە، مرۆڤی سەردەم بەشێوەیەکی غەریزیانە تێگەیشتنی هەیە بۆ ژمارەکان، واتە کاتێك بە کەسێك دەڵێیت دوو کورسی و نیو یەکسەر تێدەگات هەڵەیەك هەیە لە ئاخاوتنەکەتدا. هەربۆیە دەکرێت بڵێین بەکارهێنانی ژمارەکان لەجیگای جیاواز مانای جیاواز دەبەخشن.

مرۆڤی دێرین بەشێوەی جیاواز ژمارەی بەکارهێناوە، وە زۆربەی جارەکان بۆ هەندێك لە ژمارەی تایبەت وێنەیان وەکو سیمبۆل بۆ ئەو ژمارەیە بەکارهێناوە، گوڵی زەنبەق لە زمانی هیروگلوفی هێمابووە بۆ ژمارەی ۱۰۰۰ کە زمانی میسریە کونەکان بووە، لەگەڵ ئەوەی دەربرینی ژمارە بەشێوەی سیمبول لەڕووی ئیستاتیکیەوە پەسەندکراوە بەڵام بەشێوەیەکی لەڕووی پراکتیکیەوە خوازراو یان زۆر پەسەند نیە بەمانایەکی تر دەست نادات کرداری ئاڵۆزتری لەگەڵدا بکرێت، هەربۆیە بە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، دەربڕینی ژمارەکان گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە و سادەتر بوونەوە. بەڵگەیش بۆ ئەم قسەیە رومانەکان کومەڵیکی کەمتر لە سیمبولی سادەترین بەکارهیناوە بۆ دەربرینی ژمارەی زور ئاڵۆز. دیارە ئەم کارەی رومانەکان هیشتا گونجاو نەبوو بو ئەنجامدانی کرداری بیرکاری ئاڵۆزتر، بۆیە دواتری عەرەبەکان یاخود باشتر وایە بلین شارستانیەتی ئیسلامی بوونە هۆی پیشکەوتنی سیستەم و دەربرینی ژمارەکان کە دیارە هەمان ڕێژیمی ژمارەکانە کە لە دونیای ئیستاماندا بەکاری دەهینین.

**سەرچاوە:**

Maths in Minutes: 200 Key Concepts Explained in an Instant

**وەرگێرانەوە: دوکتۆر رێبین عبدالقادر ئیبراهیم**

https://birkary.wordpress.com/2015/05/20/%DA%98%D9%85%D8%A7%D8%B1%D9%87%E2%80%8C%D9%83%D8%A7%D9%86/